# کێ تیرۆریستی ڕاستەقینەیە لە عێراقدا؟

**وەرگێڕانی: ئازاد بەکر**

* بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا هەیە کە هێزی تایبەتی بەریتانی(SAS) بۆ زیاتر بارگرژی ڕەگەزی (ethnic) هەڵدەستێ بە پڕچەککردن و ڕاهێنان و مەشقی تیرۆریستان.
* هەڵبژاردەی باڵی ساس(SAS)ی خاوەن حەسانە و مێژووی خوێناوی، تەقەمەنی پێشکەوتوو پێشکەشک دەکات.
* هەندێک لەو هێرشانە خرانە ئەستۆی ئێرانیەکان.

ستیڤ واستون (Infowars.net)
دووشەممە، 5 ی شوباتی 2007

لە ووتارێکی سەندەی تەلەگراف (Sunday Telegraph)ی کۆتایی پشووی هەفتەدا، ئاماژە بەبوونی بەڵگەی نهێنی دەکات کەوا یەکەی هەڵبژاردەی سوپای بەریتانی بەشداری چالاکانەی لە پڕچەککردن و مەشقی یاخیبوان و تیرۆریستاندا وەک جاسووسی دوو سەرە هەیە.
ئەمە زۆرکەس لەو بۆچوونەی ماوەی پێشوو دڵنیا دەکاتەوە، کە دەووترا بەریتانیا و ئەمەریکا لەژێرەوە بەشداری ئەو تەقینەوە و هێرشانەن کە لە عێراقدا ئەنجام ئەدرێ، کە پێشتر دەخرایە ئەستۆی سوونە و یاخیبوان و شانە تیرۆریستە نادیارەکانی وەک ( قاعیدە لە عێراق).
ووتارەکەی تەلگراف بەم شێوەیەیە:
لەناو قوڵایی دڵی ناوچەی سەوزدا "Green Zone"، لە کۆمەڵگەی کارگێڕی توند قایمکراودا لە بەغدا، کە یەکێک لە گرنگترین شوێنی نهێنی پارێزرا و وورد چاودێریکراو لە شەڕی عێراقدا لە خۆدەگرێ. لە شانەیەکی بچوکی سەرچاوە نادیاری یەکەیەکی سوپای بەریتانی کە ئارەزوومەندانە ناونراوە گروپی کۆمەکی هاوپشتی (JSG)، سەلمێندرا چالاکترین هاوپەیمان و چەکی کوشەندەیە بۆ ڕوو بەڕووبوونەوەی تیرۆر.
ئەندامەکانی – هێزی چەکداری پیاو و ژنن لە هەر سێ پلەی دیاریکراودا لە هێزەکانی چەکدار – تیرۆریستەکان ڕادەهێنن سەرسەختانە ڕوو لە هاوپەیمانێتی جاسووسی بکەن. بە بەکارهێنانی شێوازی پێشکەوتووانە لەسەر شەقامدا، واتە خۆ شاردنەوە لەکاتی ئاژاوەیەکدا کە سوپا بەتەواوی گەمارۆی ئەو کۆمەڵگەیە دەدات. لەو ساتەوە، لە ساڵی 2003 دا کە شەڕ لە عێراقدا هەڵگیرسا، ئەم یەکەیە لێپرساوە لە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی دەیەها کەسانی عێراقی وەک جاسوسی دووسەرە.



چاوخشانێک بە مێژووی نهێنی (JSG) یان یەکەی هێزی لێکۆڵینەوە(FRU) کە ئەو پەرچەمە بوو لە ئێرلەندای باکوور لەژێریدا کاری دەکرد، بەڕادەیە پەردە لەسەر لایەنگیری و بەشداری حکومەتی بەریتانی لە کردەوە تیرۆریستیەکاندا لادەدا لە پێناو زیاتر بردنە پێشەوەی کارنامەی داگیرکاریاندا. دیارە سەیر ئەوەیە لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا بێ جیاوازی.
فرۆ (FRU) هەمان شانەی زۆر نهێنی یە لە چالاکی تاوانکاری ساس (SAS) لە ئێرلەندای باکوور کە لەلایەن کۆمسیۆنی پۆلیسی سکۆتلەندیاردی پێشوو سێر جۆن ستیڤنز بۆ ماوەی زیاتر لە یەک دەیە لەژێر لێکۆڵینەوەدا بوو، هەر لەو ماوەیەشدا دەرکەوت کە ئەو یەکەیە دەستی لە کوشتنی خەڵکی

سیڤیلی ئێرلەندای باکووردا هەبووە.
بە پێی توێژینەوەکان، هەواڵگری سەربازی خەریکی یارمەتیدان و پیلانگێڕانن لەگەڵ تیرۆریستەکاندا بۆ کاری کوشتن کە پێ ی دەووترێ ( ئامانجی مەشروع) وەک کوشتنی کۆماری یە چالاکەکان ... زۆربەی قوربانیەکانی ئەو حکومەتەی لە لایەن تیمەکانی کوشتنەوە پاڵپشتی دەکرا خەڵکی سیڤیلی بێتاوان بوون.
" لەسەرەتای هەشتاکاندا فرۆ زۆر بەنهێنی کەسانێکی ڕەوانەی ئیرلەندای باکوور کرد بۆ چەکدارکردن و ڕاهێنان و مەشقی جاسووسی دووسەرە بۆکارکردن لەناو گروپە میلیشیاکاندا" نووسینی مایکل س.رۆز (Michael S. Rose.)
فرۆ بەرەنگاری تیرۆریزمی سوپای کۆماری ئیرلەندی (IRA) دەبێتەوە بەدانی پارە بە سیخوڕان، چاوسوورکردنەوە، بۆسە نانەوە. شێوازی تر کە لە ڕێکەوتننامەی جنێڤدا ڕێی پێنەدراوە. لەدۆخێکی ناهەمواردا ئەفسەرانی بەریتانی بڕیاریاندا لە حاڵەتێکدا کێشەکە دژوارتر ببێ تیرۆریستانی سوپای کۆماری ئیرلەندی لەڕێگەی مەشروعەوە بهێننە بەردەم دادگا. فرۆ لەتوانایدایە گروپەکانی پارتیزانی بەلای خۆیدا ڕاکێشێ کە نیەت و ئارەزووی کوشتنی پیاوانی سوپای کۆماری ئیرلەندیان هەیە. بەپێی خاڵی سێ یەمی ستیڤز، فرۆ یارمەتی پرۆتستانتە تیرۆریستەکانی دەدا کە هەرچی دەتوانن بیکەن لەهەر شوێنێک بێت، لەڕاستیدا بوو بوو بە ئاژانسی تیرۆرکردنی کاسۆلیک. لەپێناوی ئەم جۆرە هاوپەیمانیەدا. ئەفسەرانی بەریتانی ئەیانشاردەوە کە بەرژەوەندی تیمی مردن ئەوە نی یە کە لەبەرژەوەندی حکومەتەکەدایە. هەروەها فرۆ لەڕێگەی ئەندامیکی پێشوی کە کیڤن فۆلتن بوو زانیاری وەردەگرت. فۆلتن بەشێکی زۆری ژیانی لە فرۆدا بەسەربرد و دزەی کردە ناو سوپای کۆماری ئیرلەندی یەوە. ئەرکی وەک بەریتانیەکی فرۆ لەناو ئەو کۆمەڵەیەدابوو. پێ ی ووترا شتێک بکات بۆ ئەوەی باوەڕی ئەو کۆمەڵە تیرۆریستە بەلای خۆیدا ڕابکێشێ. فۆلتن بە سیندی هیرالندی ووت: "کەرەسەی تەقینەوەم تێکەڵاوکردووە و من هەوڵی پیشخستنی بۆمبی تازەم داوە. گۆڕانکاریم بەسەر چەکەکاندا هێناوە، گەر پرسیارم لێبکەن کەس دەکوژێت؟، من دەڵێم نا. بەڵام گەر پرسیار بکەن ئەوکەرەسانەی ئامادەم کردووە کەس دەکوژێ؟. ئەوکاتە ئەتوانم بڵێم هەندێ لەو شتانەی یارمەتی پێشخستنی دەدەن کەس ئەکوژێت.
دووبارەی دەکەمەوە دەتوانم چارەی هەموو شتێک بکەم وە کردوشمە. شتێک گفتوگۆی لەسەرکرابێت قەت نەم ووتووە نایکەم. چۆن تۆ بووی بەتیرۆریست و کردەوەتان وەک یەک نی یە؟. ناتوانی نەیکەی، دەبوو ئەو کارە بکەی کە ئەوان دەیانکرد.من لەگەڵ کەسانێک بووم بەهێز پەلاماریان دەدا، زۆر کردەوەی کوشتنیان ئەنجام دا. ئەگەر نەتوانم باشبم بۆیان، ئەوا تەمەنم بە کەڵکی سەربازیش نایەت. ناچار بووم ئەوە بکەم کە پیاوەکەی تەنیشتم دەیکرد.
من هەفتەی حەوت ڕۆژ سەرپێچی یاسام دەکرد، پەیوەندیەکەم ئەوەی دەزانی. دەیانزانی من بۆمب دروست دەکەم دەیدەم بە ئەندامانی سوپای کۆماری ئیرلەندی، هیچیان لەوبارەوە نەکرد. گەرکارێک من دەستم تێیدابوو پێچەوانەبوایەتەوە ئەوە ئەوکات من دەمرم. فیکرەکە وابوو تەنیا ڕێگایەک بۆ ئەوەی بەسەر دوژمندا زاڵبیت دەبێ دزە بکەیتە ناویانەوە و ببیتە دوژمن، لەو کاتانەدا من هیچ گرفتێکم لەو شێوەی بیرکردنەوەیەدا نەبوو."
فۆڵتن ئەو نهێنی یەی درکاند، پەیوەندیەکەی پێی ووت کە ئەو چالاکیانە لەسەرەوە ڕێی پێدراوە... بەتەواوی دەچێتە بەردەم سەرەک وەزیران. سەرۆک وەزیران دەزانێ ئێوە خەریکی چین.
هەموو تەقینەوەیەکی گەورەی سوپای کۆماری ئێرلەندی لە بەریتانیا و ئێرلەندای باکور دەکرێ جێ پەنجەی حکومەتی بەریتانی و لەسەرو هەموویانەوە فرۆی پێوەیە.



ئەو تە قینەوەیەی لە ئابی 1998 دا بووە هۆی کوشتنی 29 کەس لە ئۆماگ. کە پێی دەووترا لەپێش کاتی دیاریکراودا کراوە، لە لایەن دەزگای ئاسایش و تیمی تەقاندنەوەوە ڕایان نەگرت. هۆکەشی؟ یەکێک لە ئەندامانی تیمی تەقاندنەوە کاری بۆ هەواڵگری ئێم ئای پێنج دەکرد (MI5)(دەزگای زانیاری سەربازی ناوخۆیی بەریتانیا). ڕێگەدرا تەقینەوەکە لە پێش کاتی دیاریکراودا ڕووبدات.

کیفن فۆلتن ڕادەگەیێنێ کە پێش 48 سەعات ئۆماگ تەقینەوە دەکات بە تەلەفۆن پەیوەندییەکەی لە RUC ئاگادار کردۆتەوە، لەوەی کە لە ڕاستیدا سوپای کۆماری ئیرلەندی خەریکی پیلان دانانن بۆهێرش، بە درێژی هەواڵی یەکێک لە تیمەکانی تەقینەوە و ژمارەی ئوتۆمبیلی پیاوەکەی داوە.

بەڵگەنامەکان (Documents) دەبنە بەشێک لە تورەیی دەزگای هەواڵگری سەربازی کە ڕۆڵی خۆی لە دادگادا لە دژی حکومەتی بەریتانی بگێڕێ. هەروەها ئاشکرای کرد کە ئەفسەری سەرەکی فرۆ لە سوپای بەریتانی ڕۆڵی بریکاری پەیوەندی بووە لەناو سوپای کۆماری ئیرلەندیدا- کۆدی ئەو پیاوە (ستیک نایف) بووە.

ستیک نایف یەکێکە لە قارەمانە لێهاتووەکانی بەلفاست. پەیوەندی میلیتاری بوار و فەرمانی پێداوە، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە ڕێی تیرۆرکردنەوە بکوژێ و خۆیشی لە سوپای کۆماری ئیرلەندیدا بپارێزێ.

لەندەن ئۆبزێرڤەر (London Observer) هەندێ لەو شێوازانەی فرۆ لە ئێرلەندی باکوور بەکاری هێناون ئاشکرای کردووە. وەک تەکنیکی ( بۆمبی بەشەری)، کە خەڵکی ناچار بە سواری پاسی بۆمب ڕێژکراو بکەی لە خاڵی پشکنینی سەربازیدا.

ئەم کردەوانەیان ڕۆشنایی زۆر دەخاتە سەر لایەنی کەمی یەکێک لەوراپۆرتانەی پێش ساڵێک لەمەوبەر لە عێراقدا ڕوویدا، کاتێک ئافرەتێکی بەریتانی سەر بە دەزگای ساس بە جلی عەرەبی و پەچە وە لەکاتی ئامادەیدا بۆ پەلاماری یکی تیرۆریستی دەسگیر دەکرێ.

بەپێ ی قسەی پارێزگای بەسرە محمد والی قەمەرەیەک کە سەربازی بەریتانی تێدابووە، بەرەو ڕووی گروپێک لە پۆلیسی عێراقی هاتووە، پۆلیسەکانیش تەقەیان کردووە. لە ئەنجامدا پۆلیسێک دەکوژرێ و یەکێکیش بریندار دەبێت.

لە کاتێکی زووتردا ڕاپۆرتەکان لەسایت و ڕادیۆی BBC دا بڵاویانکردەوە قەمەرەی بەکار هاتوو تەقەمەنی هەڵگرتووە.

لە بەر ڕۆشنایی ئەمانەدا دەتوانین بپرسین، ئایا کوشتنی خەڵکی سیڤیلی عێراق (ئامانجێکی مەشروعە)؟

پێشتر بە تیۆرەکانی ( لەپێناوی دەرچوون لە ئاژاوە) و ( ستراتیژی بارگرژی) ڕووپۆشی عێراق کراوە، بەڵگەنامەکانی پنتاگۆن، لێکۆڵەرەوە بەرێزەکان و بەڵگەی ئەندامانی کۆنگرێس و سەفیرەکان بە دوورودرێژی.

هەموو لەسەر ئەوە ڕێکین کە کارەکە بە تەواوی وایە، دەبینین مانەوەی ئەو وڵاتە لە دۆخێکی پڕئاژاوەدا لە خزمەتی ستراتیژیەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا دایە بۆ پاساوی مانەوەیان وەک هێزی داگیرکەر لە عێراقدا.

لە زۆر حاڵەتدا بەڵگەکان ڕۆڵی هێزی سەربازی بۆ شانە تیرۆریستەکان لە کار کردنیاندا پێشان دەدەن.

وە هەروەها وا دەکات وەڵامدانەوەی خێرایان لەپەلاماردانداهەبێ. هەروەک دەڵێن فرۆ ئاشکرای کرد کە هەڵدەستێ بە پرچەکردن و مەشقکردن و پێدانی کەل وپەل بە تیرۆریستان لە عێراقدا.



چەند جار زیاتر پرسیارێک بەمێشکدا دێت، ئایا هەموو رۆژێ سەربازانی پیادە لە پەلامارەکاندا دەکوژرێن وە پەلامارەکانیش لە زیادبووندایە، ئایا زانیاری تەواویان هەیە یان خۆشیان هاوکاریانن؟

ماوەیەک بەر لە ئێستا راپۆرتێکی سەربازە ئەمریکیەکان هەبوو، کە کاتێک یاخیبووان دەکوژن جل و بەرگی سەربازی ئەمەریکیان لەبەر دایە. وە لیپرساوە عێراقیەکانیش دەیان ووت لەژێر ئەم پەردەپۆشینەدا مەبەستێک هەیە، جلی خۆپارێزی لە فیشەک و تۆپ و کاروانێک بە حەوت سەیارەی GMC سپۆرتەوە، کە ئاسایی لەلایەن لێپرساوە ئەمەریکییەکانەوە لەعێراقدا بەکار دێت. لەوانەیە یاخیبووەکان جل و بەرگیان بەردەست کەوتبێت، بەڵام لە کوێوە ئەم هەموو ئوتومبێلەیەیان هێنا و گواستەوە.

بۆ زیاتر گرنگی دان و رۆشنایی خستنە سەر ئەم مەسەلەیە، کاتێ مرۆ سەیردەکا زۆر لەو تەقەمەنیانەی کە بەکارهێنران، زۆر بۆمب و سەیارەی بەمین چێندراو و پەلامارەکان لە عێراقدا سەلماندی کهبەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی یەکەی فلاشی فۆتۆگرافیک، کە پێش 15 ساڵ لەلایەن سوپای کۆماری ئێرلەندی تیرۆریستەوە بەکاردەهێنرا کە رێنمایی یەکانی لەلایەن ئاژانسی بەریتانی یەوە درابوو پێیان.

کیڤن فۆلتن جارێکی تر زانیاری زۆر زیندووی پێشکەشکرد، چۆنێتی یارمەتیدانی ئێم ئای پێنج (MI5) ی بۆ کرینی پارچەکانی بۆمب و تەکنەلۆژیا لە ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئاشکرا کرد. کە پێشتر لە ئێرلەندای باکور لەلایەن فرۆوە بەکاردەهێنرا، ئێستاش شوێندەستی خۆی لە ناو شەرکەرانی بەرگریی عێراقیدا دۆزیوەتەوە.

" لەکۆتایی ساڵی 1993 و سەرەتای 1994 دا، لەگەڵ هەندێ ئەفسەرانی ئێم ئای پێنج (MI5)دا، فرۆ و پۆلیسی ئۆلستەری تایبەتی مەلیکی، چووم بۆ ئەمەریکا. پێشتر ئەوان پەیوەندیان بە دەزگای هەواڵگری و وەرگرتن و ناردنەوە لە نووسینگەی پۆلیسی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی (FBI)یەوە هەبوو لە نیویۆرک".

فۆڵتن لە حزەیرانی 2002 دا بە سەندەی تربیۆنی (Sunday Tribune) ووتبوو. گەشتەکەی لەلایەن FBI وە پاڵپشتی کراوە. بەپێ ی ماسیۆ تیگۆ (Matthew Teague)، کە بۆ ئەتڵەنتیکی نووسیوە. هەروەها بێلایەنێک لە نەوەدەکاندا لە سەندەیدا قسەی لەگەڵ کۆماریەک کردووە کە یەکێ لە ئەندامانی گەورەی IRA بووە. دوپاتی ئەکاتەوە کە فۆڵتن تەکنەلۆژیای نوێ ی هێنایە ناو IRA وە، هاوپەیمانی هەمان رێکخراوی هاوشێوەی خۆیان بوون لەدەرەوە.

لەوە بەڵگەی روونتر ئەبێ چی بێت کە هێزە تایبەتەکان یاخیبووە عێراقیەکان مەشق و پرچەک دەکەن. لەهەوڵێکدا بۆ ئەوەی لەوە زیاتر سەرزەنشتی بەریتانی و ئەمەریکی یەکان نەکرێت و خۆیان دوورە پەرێزبگرن، ووڵاتە یەگرتووەکان لۆمەی ئێران دەکا لەبەکارهێنانی پێشینەی تەکنەلۆژیای خوار بنەوشەیی.

"بەپێ ی سەرژمێری سەربازی ئەمەریکی، 198 سەربازی ئەمەریکی و بەریتانی کوژراو و 600 بریندار بە ئامیری پێشکەوتووی تەقینەوەی دروستکراوی ئێران کە یاخیبووەکان لە رێ ی قاچاخەوە بە درێژایی کەناری رووباری دیجلەدا لە باشوورەوە دەیهێنن. لە هەوڵێکدا بۆ پەکخستنی ئەم تۆرانە،

بەپشت بەستن بە بڕیاری هێنانی کەشتی فرۆکە هەڵگری دووەم بۆ کەنداو، واتە ئاگادارکردنەوەی ئێرانە، بەپێ ی یاریدەدەری گشتی پێشووی دەوڵەت مارتن ئەندیک تاڕادەیەکی زۆر مەترسیدارە."
لە هەموو بارێکدا ئێمە بەڵگەی ئاشکراو ڕوونمان هەیە کە بەریتانیاو وولاتە یەکگرتوەکان یاخیبووان چەکدار دەکەن، مەشقیان پێ دەکەن، تەقەمەنی و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو هەتا تەقاندنەوەکەشی مسۆگەر دەکەن ، پاشان لۆمەی ئێران دەکەن لەسەر ئەم پەلامارانە، ئەمەش نیشانەی زیاتر فراوانکردنی شەڕەکەیە بەرەو سنووری ئێران.
فرۆ وەک پێشتر باسمان کرد باڵێکە لە ساس. چاوخشاندنێکی خێرا بە هەندێ چالاکی نهێنی ساسدا، شان بەشانی هێزی دەلتای وولاتە یەکگرتوەکان کەزۆربەی تیرۆریستانی لە خۆ گرتووە، وە هاوشانی فرۆیە، جارێکی تر ئەو ڕاستی یە نیشاندەدا کە دامەزراوە ئەمەریکی و بەریتانیەکانیەکان بەشداری شەڕی دژە تیرۆریان نەکردووە، بەڵکو وەک بەشێک لە کارنامەی گشتیان خۆیان ئیدامە بەتیرۆر دەدەن.
هێزی تایبەتی بەریتانی و ئەمەریکی ناسراون بەوەی لەسەرەتایی نەوەدەکاندا ڕێ خۆشکەربوون بۆ گەشە و سەرهەڵدانی شەڕکەرانی مجاهدینی ئیسلامی ئوسووڵی لەناوچەی بەڵقان. چەکداریان ئەکردن بۆ ئەوەی لە کێشەی بۆسنەدا بەرانبەر بەهێزی سربی بوەستنەوە.
ساس لە میانەی پڕۆژەیەکی هاوبەشی نێوان ئاڕاستەی ستراتیژی ئێم ئای شەش (MI6)(دەزگای زانیاری سەربازی دەرەوەی بەریتانیا) و دەزگای هەواڵگری ئەمەریکیدا، هەروا لە کاتێکی دواتردا ڕاهێنان و مەشقی تیرۆریستی بە سوپای ڕزگاری کۆسۆڤۆ لەناوەند و کۆتایی نەوەدەکاندا لە بەڵقاندا دەکرد. زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئەمەیان سەلماندووە.
سوپای ڕزگاری کۆسۆڤۆ لەو کاتەدا بەوە ناسرا کە قورسایی بەلای ڕێکخراوی "قاعدەوە" هەبوو وە شەڕکەرانی موجاهیدی لایەنگری ئوسامە بنلادن بوون کە "شەڕی جیهانی دژی وولاتە یەکگرتووەکان" ڕاگەیاند. هەتا بانگەشەی ئەوە دەکرا کە بنلادن ڕاستەوخۆ کۆمەکی دارایی دەکردن، هەروەها بەردەوام وولاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا بەشاراوەیی مەشقیان بە سوپای ڕزگاری کۆسۆڤۆ دەکرد.
سوپای ڕزگاری کۆسۆڤۆ زیاتر پەنای بۆ بەکارهێنانی بارگرژی ڕەگەزی (ethnic) و تێکدانی زیاتری ئارامی ناوچەکە بوو هەروەک ئەمڕۆ لە عێراقدا ڕوودەدات. ئەو هێرشانەی سوپای ڕزگاری کۆسۆڤۆ کردیان بووە بەهانەی خۆتێ هەڵقورتاندنی ڕۆژئاوا لە بەڵقاندا.
هەروەها کۆمەڵێ بەڵگەی زۆر هەیە ئاماژە بەوە دەکات کە بەریتانیەکان و هێزی تایبەتی ئەمەریکی یارمەتی و کۆمەک و ڕاهێنانی شانە تیرۆریستە ئەلبانیەکانیان کردووە، وە بڕێکی زۆری دارایی یان لە سوپای ڕزگاری کۆسۆڤۆوە سەرچاوەی گرتووە.
هەر ئێستا چالاکیەکانی فرۆ لەعێراقدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە. بەشێکی سەربازیمان هەیە لەسەرو یاساوەیە و بەدەر لە ڕێکەوتننامەی جنیڤ لەناو شانۆی جەنگدایە. سەرەڕای ئەوەی ڕابردوویەکی خراپی هەیە لە دەست تێوەردان و تێوەگلانی لەکاری تیرۆریستانەدا و لۆمەکردنی کۆمەڵە و کەسانێک کەدەیەوێ لایان بدات و ناویان بزڕێنێ.
لەعێراقدا ڕێڕەوی کارنامەکەی وا داڕشتووە، دانانی بنکەی هەمیشەیی و پاشان خۆسەپاندنێتی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەم جۆرە شەڕ دەبێتە هۆیەک تا هێزەکانمان لە عێراقدا بمێنێتەوە.
فرۆی ڕابردوو چالاک بە ڕوونی ئاشکرای دەکات کە حکومەتی بەریتانی نەچۆتە شەڕی ڕاستەقینەی تیرۆرەوە، بەڵکو ئەوان تیرۆر وەک هۆکارێک بەکار دەهێنن بۆ گەیشتن بە ڕادەیەکی زیاتر لە سەرکەوتنی نەخشەی کارەکانیان و کۆنترۆڵکردنیان لەهەر کاتێکدا خۆیان بە گونجاوی بزانن. دەلتای هێزی ئەمەریکیش ڕاستەوخۆ پێکەوە لەگەڵ باڵی ساسدا بۆ جێبەجێکردنی هەمان ئامانج خەریکی پیلانگێڕانن.

-----------------------------------------------------------------------------------------

http://infowars.net/articles/february2007/050207FRU.htm
http://iraqwar.mirror-world.ru/article/148604
http://observer.guardian.co.uk/politics/story/0,,1869019,00.html
http://www.prisonplanet.com/articles/february2007/040207cell.htm
http://www.telegraph.co.uk/news/main.jhtml;jsessionid=IBEK4QSEC3PEBQFI
QMFCFGGAVCBQYIV0?xml=/news/2007/02/04/nspooks04.xml

وێنەی یەکەم (JSG)ی لەناوسوپای کۆماری ئیرلەندی
وێنەی دووەم تەقینەوەی بەلفاستە
وێنەی سێ یەم سوپای بەریتانی لە عێراق